


# ئالوودەبوونی گەنجان بە يارييە ئەليكترۆنييەكانی پڕ لە كوشتار بە زەنگێكی مەترسیدار دادەنرێت




گەنجان هێز و كارامەيی هەر كۆمەڵگەيەكن و لە وەبەرهێنان و دوارۆژی میللەتی خۆياندا رۆڵێكی بەرجەستە و كاريگەريان هەيە، بەڵام بەردەوامبوونی شۆڕشی تەكنۆلۆژيا و شەپۆڵەكانی داهێنان لە ئينتەرنێتدا وايكردووە، رۆژ لە دوای رۆژ زياتر چين و توێژەكانی كۆمەڵگە بە شتی لاوەكييەوە سەرقاڵ دەكرێن، بەتايبەتت يارييە ئەليكترۆنييەكان كە لە سەرانسەری دنيادا بيرو هۆشی گەنجانی داگير كردووە. لە ئێستادا ياريی «pubg» بەشێكی زۆری گەنجانی هەرێمی كوردستانيشی بە خۆيەوە سەرقاڵ كردووە، پسپۆڕانيش پێداگری لەسەر ئەوە دەكەن، ئالوودەبوون بەو يارييانە دياردەيەكی مەترسيدارە و گەنج لە داهێنان و وەبەرهێنان دوور دەخاتەوە، هاوكات چەندين كێشەی دەروونی و كۆمەڵايەتييان بۆ دروست دەكات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەيەوە زانياريی زياترمان پێ دەدەن.

گوڵان: كۆمەڵايەتی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، یارییە ڤیدیۆییە ئەلیکترۆنییەکانی بە یەکێك لە مەترسییە گەورەکانی سەر مێشکی مرۆڤ هەژمار کردووە، ئەمەش وای کردووە، وڵاتان بە دوای چارەسەردا بگەڕێن و ئەو پرسە لە کەرتی تەندروستی گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و پسپۆڕ و ناوەندی تایبەت بە چارەسەرکردنی بۆ بکەنەوە، نەخۆشخانەیەکی بەریتانیاش بۆ یەکەمجار ناوەندێکی چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبووانی ئینتەرنێت دەکاتەوە. پسپۆڕی دەروونی (هرنیتا باودن جۆنز) دەڵێت: «دامەزراوەی تەندروستیی دەروونی، کردنەوەی ناوەندەکە بە گرنگ دەزانێ، بۆ چارەسەری ئالوودەبووان و ئامۆژگاریکردنیان و ڕێنوێنیی دایك و باوکی بەکارهێنەرانیش تا بە دوای دەروازەی دیکەدا بگەڕێن و منداڵەکانیان لە ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت دوور بخەونەوە.

چالاکی مەدەنی دوریا شێروانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «داودەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانە، بەڵام زیاد لە پێویست بەکارهێنانی زیانی زۆری هەیە، بێگومان یارییە ئەلیکترۆنییەکانیش لایەنی ئیجابی و سلبیی خۆی هەیە، زیاد لە ڕاددەی دیاریکراوی خۆی ئەنجامدانی ئەو یارییانە زیانی زۆری لە ڕووی تەندروستی و هزریشەوە هەیە. یارییەکانیش جۆراوجۆرن و جیاوازییان هەیە، جۆرێکیان بۆ زاخاوی مێشك و جووڵاندنی بیر و هزرە و زۆر جۆری دیکەشی هەیە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر مێشك هەیە و کاری مراندنی جووڵەی مێشکە و کاریگەریی دەروونیشی هەیە، کە هاندەرێکی سەرسەختە بۆ دروستکردنی لایەنێکی شەڕانگێز و توندوتیژ لە بەکارهێنەریدا، بەتایبەت منداڵ، چونکە بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە، هەروەها نەوجەوانانیش چونکە لە تەمەنێکدان حەزی خۆدەرخستن و باڵادەستبوونیان لە ڕاددە بەدەرە، بۆ کەسە پێگەیشتووەکانیش جاری وا هەیە کاریگەرییە سلبییەکەی بە جۆرێك بووە، بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزانێك، یان خیانەتی هاوسەری، یان خۆکوشتن، یان کوشتنی کەسێك.» گوتیشی: «ئامێر و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەوژمێکی بەهێزی نەرێنی هەبووە و تا ڕاددەیەکی زۆر لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تێکدەر بووە، هۆکارەکەیشی نەبوونی هۆشیاریی چۆنیەتی بەکارهێنان و نەبوونی باکگراوەندی پێشوەختە و بێ بەرنامەیی و بێ پلانیی حکومەت و نەبوونی سانسۆر و خۆدوورگرتنی کەرتی پەروەردە لە پلانی درێژخایەن و کورتخایەنی ساڵانە بۆ ڕێنوێنیکردنی چینی قوتابیان و کەمتەرخەمیی ڕاگەیاندنەکان لە بوونی بەرنامەیەکی



هۆشیاری بۆ خەڵك، کە دەکرا بە دروستکردنی زنجیرەیەکی پەیوەندیی بەهێز هەموو ئەو لایەنانەی ئاماژەم پێکردن، هاندەری تەواو ئامادە بن بۆ دانانی بناغەیەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست کە هیوام وایە حکومەت هەموو ئەمانە بەرچاو بگرێت و تاکەکانی کۆمەڵگەکەشمان تاکی هۆشیار و دووربین و وردبین بن «.

محەمەد مستەفا زراری مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی کیتابی زانکۆیی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەیەکی یەکجارو فراوان لە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە بە چەندین شێوازو جیا جیا بەکاردەهێندرێن، وەك بەکارهێنانی لەسەر مۆبایل و لابتۆب و ئایباد، کە بووە بە بەشێك لە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك، بەتایبەت چینی گەنجان کە بە شێوەیەك ئالوودەی بوون، زۆربەیان ناتوانن دەستبەرداری ببن و ڕۆژێك بەڕێ بکەن، بە بێ ئەوەی یاری نەکەن، وەك ئەوەی کە ئێستا لە هەریمی کوردستان زۆر بە ڕوونی دیاردەی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەدی دەکریت، کە هەر ماوەیەك جۆرێك لە یارییەکان گەنجان سەرقاڵ دەکات و دوایین جۆریشی کە گەنجان ئالوودەی بوون، یاریی (PUBG)یە کە لە سەرانسەری جیهان زۆربەی خەڵك و بەتایبەتی گەنجانی گیرۆدە کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش بووەتە دیاردە و بە شێوەیەکی یەکجار فراوان گەنجان و تازەپێگەیشتووان ئەو یارییە بەکار دەهێنن.» هاوکات دەڵێت: «بە ڕای من ئالوودەبوون بەو یارییە ئەلیکترۆنییەکان و بەتایبەتی یاریی (PUBG) یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کەوا گەنجانی تازەپێگەیشتوو لە قۆناغی دواناوەندی لە زۆربەی وانەکان دەرنەچن، ئەو حاڵەتەش زۆر بە ڕوونی و بە ئاشکرا لە هەرێمی کوردستان هەستی پێ کرا.» هۆکارەکانی ئالوودە بوون بەو یارییانەشی لەلایەن گەنجانەوە بەمجۆرە خاڵبەندی کرد:

١- دروستبوونی بۆشایی لە نێوان نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دی، ئەویش بە هۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا.

٢- پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ئیستا گەنجان هەیانە، بەتایبەت ئەوانەی بێکارن.

٣- سەرسامبوون بە کەلتوور و ڕۆشنبیریی بیانی.


٤- هەستی هەڵە، بەوەی کە گوایە خەریکبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودەیان دەکات.

٥- گرنگترین هۆکار بێئاگایی دایك و باوکانە سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان، ڕەنگە هەندێك جاریش خۆیان هۆکار بن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان کاتی زیاتری خۆیان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان بدەن، لە بەر ئەوەی زۆر جار خۆیانیش بەکارهێنەری ئەو جۆرە یارییانەن.

**ئامێر و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەوژمێکی بەهێزی نەرێنی هەبووە و تا ڕاددەیەکی زۆر لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تێکدەر بووە**

**لە ڕوانگەی شەرعەوە یارییە ئەلیکترۆنییەکان حەڵاڵن، بەڵام کاتێ ببێتە مایەی لێکترازانی خێزانی و دروستبوونی کێشەی خۆکوشتن و.. هتد، ئەوکات حەرام دەبێت**

**یاریی (PUBG)یە کە لە سەرانسەری جیهان زۆربەی خەڵك و بەتایبەتی گەنجانی گیرۆدە کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش بووەتە دیاردە و بە شێوەیەکی یەکجار فراوان گەنجان و تازەپێگەیشتووان ئەو یارییە بەکار دەهێنن**



ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە سەبارەت بە زیانەکانی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەڵێت: «سەرەکیترین زیانی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بریتییە لە زیانی تەندروستی بە بێ ئەوەی بەکارهێنەر خۆی هەستی پێ بکات، هەروەها دواکەتن لە خوێندن و دوورکەوتنەوە لە زانست و زانیاری و بەفیڕۆدانی کات بۆ شتێك کەوا هیچ سوودێکی نییە. هەروەها بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبێتە هۆکاری تێکچوونی کاتەکانی نووستن و هەستان لە خەو، کە ئەمەش هۆکارە بۆ سەرئێشەی درێژخایەن و سستبوونی چاو و تووشبوون بە نەخۆشییەکانی مل و فەقەرات و بەتایبەتی تێکچوونی باری دەروونی کە زۆر جار بەکارهێنەری ئەو یارییە پڕ لە کوشتن و تاوانە، کەسێکی شەڕانگێزی لێ دەردەچێت. هەروەها یەکێك لە زیانە گەورەکانی ئەو یاریانە بریتییە لە دڵەڕاوکێ و دڵەکوتێ کە ئەوەش زیانی زۆر بە دڵ و باری تەندروستی دەگەیەنێت، هەروەها بێ ئاگابوون لە هەموو شتێك، چونکە کەسە ئالوودەبووەکە تەنیا بیرو هۆشی لای ئەو یارییەیە و دەیەوێت لە هەر دەرفەتێك بچێتەوە سەری، زۆر جاریش ڕەنگە کارێکی گرنگی هەبێت، بەڵام لە پێناو یارییەکەی پشتگوێی بخات.» بۆ دوور کەوتنەوەش لەو خووگرتنە بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان ئەم ڕێکارانە پێشنیار دەکات:

١- هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بەوەی کە لە ژیاندا ئامانجی زۆر گەورە هەن، کە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین، نەك سەرقاڵبوون بە شتێك کە لە زیان زیاتر هیچ سوودێکی نابێت.

٢- خۆسەرقاڵکردن بە وەرزش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان و زمان و کۆمپیوتەر.

٤- گەڕان بە دوای هاوڕێیەکدا کە بتوانێت بۆ دورکەوتنەوە لەو ئالوودەبوونە یارمەتی بدات.

سەید عەلی ڕەمەزان، ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی مەلا ساڵح، لە ڕوانگەی ئایینییەوە بۆ ئەو پرسە دەڕوانێت و بەمجۆرە باسی دەکات: «سەرەتا بە ناوی خوای گەورە و سڵاو بۆ گیانی پێغەمبەر و یارو یاوەرانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بێگومان بەردەوام پێشکەوتنە بەردەوامەکان هانمان دەدەن بۆ بەرەوپێشچوون، ئەمڕۆ دنیا گۆڕاوە، واتە دونیای تەکنەلۆژیایە بۆیە زۆر گرنگە کەخۆمان ڕابهێنین لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەو هەوڵ بدەین سوودیان لێ وەربگرین و خۆشمان و نەوەکانمان لە زیانەکانی بپارێزین، بۆیە زۆر گرنگە گەنجەکانمان کاتەکانیان لە شتی بەسوود بەڕێ بکەن و سوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرن، بۆ بەرەوپێشچوونی خۆیان و کۆمەڵگە و نیشتیمانیان، کەچی دەتوانم بڵێم جێگای داخە زۆرێك لە گەنجانمان لە کور و کچانمان کاتەکانیان خەریکە بە بێسوودی لە بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەڕێ دەکەن، وەك پۆپ جی و ئەتاری و.. هتد، خۆزگە هەر تەنیا بەشێك لە کاتەکانیان بۆ دیاری دەکرد. بە ڕاستی زۆر کارەساتە کە دەبینین ئەمڕۆ بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆتە مایەی لێکترازانی کۆمەڵگە بەگشتی و هەروەها لێکترازانی خێزانی بەتایبەتی، نەك هەر ئەوە بەڵکو وەك دەبینین بۆتە مایەی خۆکوشتن و وەك بیستمان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو گەنجێك خۆی کوشت، هۆکارەکەشی یاریی پۆپ جی بوو، هەروەها مێرد ژنی خۆی تەڵاق داوە، هۆکارەکەی یاریی پۆپ جی بووە.»

ئەو مامۆستا ئایینییە باسی ئەو کێشانە دەکات کە بە هۆی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە دروست بوون و خۆی لە نزیکەوە ئاگای لێیان بووە،و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «وەك مامۆستایەکی ئایینی ئاگادارم بە هۆی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە چەندین کێشەی خێزانی دروست بووە و بەردەوامیشە و ڕەچاوی لێکترازانی ژن و مێردی لێ دەکرێت. بۆیە دەڵێم وەك لە شەرعەوە هاتووە کە دەڵێت: (الاصل في الاشياء الاباحة حتى تثبت حرامه)، واتە ئەسڵی هەموو شتێك حەڵاڵە، تاوەکو حەرامییەکەی ئاشکرا دەبێت. بۆیە دەڵێین لە ڕوانگەی شەرعەوە یارییە ئەلیکترۆنییەکان حەڵاڵن، بەڵام کاتێ ببێتە مایەی لێکترازانی خێزانی و دروستبوونی کێشەی خۆکوشتن و.. هتد، ئەوکات حەرام دەبێت. بنچینەیەکی دیکەی شەرعیمان هەیە کە دەڵێت: (لاضرر ولاضرار)، واتە نابێت نە زیان بە خۆت بگەیێنیت و نە زیانیش بە بەرامبەرت .»

**ئالوودەبوون بەو یارییە ئەلیکترۆنییەکان و بەتایبەتی یاریی (PUBG) یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کەوا گەنجانی تازەپێگەیشتوو لە قۆناغی دواناوەندی لە زۆربەی وانەکان دەرنەچن**

**گرنگترین هۆکار بێئاگایی دایک و باوکانە سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان، ڕەنگە هەندێک جاریش خۆیان هۆکار بن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان کاتی زیاتری خۆیان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان بدەن، لە بەر ئەوەی زۆر جار خۆیانیش بەکارهێنەری ئەو جۆرە یارییانەن**

**یەکێک لە زیانە گەورەکانی ئەو یارییانە بریتییە لە دڵەڕاوکێ و دڵەکوتێ کە ئەوەش زیانی زۆر بە دڵ و باری تەندروستی دەگەیەنێت**

# زیانەکانی خووگرتنی منداڵان به یارییه ئەلیکترۆنییەکان

له جیهانی ئەمڕۆدا پێشکەوتنی گەلان بەوە پێوانە دەکرێت، کە تا چ رادەیەك بایەخیان بە فێرکردن و پەروەردەی دروستی منداڵان داوە. گەلانی پێشکەوتوو لەو روانگەیەوە لە منداڵەکانیان دەڕوانن، کە بەشێکن لە ئەمڕۆ و هەموو داهاتووشن، منداڵانی ئەم سەردەمەش لە سایەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەك: (ئینتەرنێت، پلەیستێشن و ئایپاد)، لە منداڵانی سەدەی بیستەم، جیاوازتر و چاوکراوەتر و خەیاڵ بڵاوتر و بیرقووڵترن، هاوکات پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی هۆشداری لە خووگرتنی منداڵان بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەدەن، بە گوێرەی توێژینەوەیەکیش سرووشتی منداڵان بەرەو توندوتیژی زیاتر لە (٤٪) زیادی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو یارییە ئەلیکترۆنییانە دەگێڕنەوە کە منداڵان بەرەو توندوتیژی دەبات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە گرنگە شەن و کەو دەکەن.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



**سۆزان گرینفیلد زاناو نووسەری بەریتانی و پسپۆڕی فیزیۆلۆجیای عەقڵی: پێشبینی دەکەم، خەڵک وەک منداڵی سێ ساڵانەیان لێ بێت و هەست و بەهرەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی خۆیان لە دەست بدەن**

**مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناگاتە لووتکەی ئاسودەیی ئەگەر تێکەڵاوی مرۆڤەکانی دیکە نەبێت، هەروەها هەنگاوەکانی گەشە تەواو ناکات، ئەگەر بێت و پراکتیزەی ژیان و جووڵە و یارییەکان بە بەردەوامی نەکات**

سۆزان گرینفیلد زاناو نووسەری بەریتانی و پسپۆڕی فیزیۆلۆجیای عەقڵی دەڵێت: «زۆر لە دڵەڕاوکێدام بۆ ئەو منداڵانەی کە زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن، چونکە ئەو یارییانە دەبنە هۆی لەدەستدانی توانای بیرکردنەوە و پەیوەندی لەلایەن ئەو منداڵانەوە.» ئەو پسپۆڕە ئاماژە بە داهاتووی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێت: «پێشبینی دەکەم، خەڵکی وەك منداڵی سێ ساڵانەیان لێ بێت و هەست و بەهرەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی خۆیان لە دەست بدەن.»

سۆزان گرینفیلد بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی پشت بە توێژینەوەکانی زانکۆکانی هارفاردو برینستۆن دەبەستێت، توێژینەوەکەی ئەو زانکۆیانە ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە منداڵان بەهۆی یارییە ئەلیکترۆنییەکان ناتوانن سوود لە بە تەنیایی دانیشتن وەربگرن و بیر بکەنەوە، بەڵکو خۆیان بە یاری و تۆڕەکانەوە خەریك دەکەن، ئەمەش وا دەکات منداڵان بیر نەکەنەوە و کار لە عەقڵیان بکات.

لە کۆتاییدا ئەو پسپۆڕەی بواری فیزیۆلۆجیای عەقڵی، ڕێنمایی گشت لایەکمان دەکات، هەتا بۆ منداڵاکانمان تەنیا پشت بە مۆبایلە زیرەکەکان نەبەستین، بەڵکو لەبری ئەوە بە کارێکی دیکەوە خەریکیان بکەین، وەك وەرزش و خوێندنەوە و دەرچوون لەگەڵ هاوڕێیانیان.» توێژینەوەی دیکەش ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێژەی بەکارهێنەرانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم یارییە ئەلکترۆنییانە چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، وەك: (پلەی ستەیشن و سمارت فۆن و ئێکس بۆکس) و چەندین یاریی دیکەش، ئەمەش وایکردووە بەکارهێنەرێکی یەکجار زۆری هەبێت. بە گوێرەی توێژینەوەیەکیش زیاتر لە (٤٪)ی سرووشتیی منداڵان بەرەو توندوتیژی زیادی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو یارییە ئەلیکترۆنییانە دەگێڕنەوە کە منداڵان بەرەو توندوتیژی دەبات.

چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهۆی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە دروست بوون، پێویستی بەوەیە کە لە ماڵ و قوتابخانە ڕێنمایی منداڵەکان بکرێت، تا بەشێوەیەکی زۆر ئەم یارییە ئەلیکترۆنییانە بەکارنەهێنن و، ڕۆژانە تەنیا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ئەم یارییە ئەلیکترۆنییانە بەکاربهێنن و شوێنی تایبەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکانی منداڵ هەبێت، تاوەك ئەو یارییانەی کە بۆ منداڵان گونجاو نییە و کاریگەریی خراپی لەسەر منداڵ هەیە، بەکاری نەهێنن.



کۆمەڵناس نیاز محەمەد فەتاح، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «تیۆرەکانی مرۆڤناسی زۆر لە ڕاستییەکانیان لەسەر مرۆڤبوون سەلماندووە، گرنگترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناگاتە لووتکەی ئاسوودەیی ئەگەر تێکەڵی مرۆڤەکانی دیکە نەبێت، هەروەها هەنگاوەکانی گەشە تەواو ناکات، ئەگەر بێت و پراکتیزەی ژیان و جووڵە و یارییەکان بە بەردەوامی نەکات.» سەبارەت بە زیانەکانی خووگرتنی منداڵانیش بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەڵێت: «کاتێك منداڵەکانمان ئالوودەی یاریی تەکنەلۆجی دەبن، لە هەموو ئەو سرووشتانەیان دادەبڕێن کە سرووشتی مرۆیین، هەر بۆیە ئەو منداڵانە گۆشەگیر دەبن و توانای تێکەڵبیان نابێت، ئەمەش وادەکات ئاسوودە نەبن، کاتێك لەناو خەڵکیش بن، هەر ئاسوودە نابن. هەروەها زیانی ئەم ئالوودەییە بۆ جەستەو پرۆسەی گەشەی منداڵەکەش دەردەکەوێت، کاتێك دەبینین منداڵەکە لەشێکی لاواز و ئێسکێکی نەرم و ڕەنگێکی زەردهەڵگەڕاوی هەیە، بە هۆی ئەوەی کە جووڵەی پێویست ناکات و هەتاوی باش لێی نادات و خواردنی باش و پێویستیش ناخوات، هەروەها ئەم ئالوودەییە زیان بە مێشك و تواناکانی بیرەوەرییان دەگەیەنێت و ڕێژەی هەڵچون و تووڕەبوونیان زیاد دەکات. جگە لەم زیانانە، دواتوێژینەوەکان دەریانخستووە کە نەخۆشییەکانی بەدخۆراکی و هەوکردنی بڕبڕەی مل و کزیی چاو لەو منداڵانەدا ڕێژەکەی زۆر زیاترە کە خوویان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان گرتووە، بەراورد بەو منداڵانەی کە کەمتر ئەو یارییانە دەکەن.» گوتیشی: «گرنگە و پێویستە دایك و باوکان بزانن کاتێك منداڵەکەیان هان دەدەن بە بەردەوامی سەرقاڵی یارییە ئەلکترۆنییەکان بن، بەو پێیەی کە سەلامەتە و زیانی نییە و ناکەون و شەڕ ناکەن و...تادوای، ئەمە بیرکردنەوەی ڕاست نییە و ئەم جۆرە یارییانەش زۆر لە یارییەکانی دیکە زیانی زۆرتریان هەیە.

دڵشاد نامیق فەرەج، مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە: «بابەتی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە ئەمڕۆدا گەیشتووەتە ئاستێك کە دەستبەرداربوونی تەواوەتی لێیان مەحاڵە و نانوانرێت بە تەواوەتی وەلاوە بنرێن، بەڵام پێویستە دایك و باوکان و سەرپەرشتیاران بە وریاییەوە ئەو ئامێرانە بخەنە بەردەست منداڵەکان، چونکە ئەو ئامێرانە دەریایەکی بێ سنوورن بۆ سەرقاڵکردنی منداڵ و کارێك دەکەن منداڵ بە تەواوی هۆگری بێت و خووی پێ بگرێت و دواتر ئالوودەی بێت، جا ئەگەر منداڵان پەیوەستی ئینتەرنێتیش بکرێن، مەترسییەکان و کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر دەبێت.» لە بارەی زیانەکانی ئەو ئالوودەبوونەش دەڵێت: «کاتێك منداڵ گەیشتە ئاستی ئالوودەبوون، ئەوە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و دوورەپەرێزیی منداڵەکە و دواجاریش نامۆبوون، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانە بێزاربێت و گرنگی پێ نەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتن لە خوێندن، لەلایەکی دیکەوە ڕێگەدانی بێ سانسۆر بە منداڵ بۆ گەڕان لە یوتوب

و ئینتەرنێت و دابەزاندنی ئەو یارییە ئەلیکترۆنییانە کە لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێت، وادەکات تێکەڵ بە جیهانێك ببێت کە گەورەترە لە تەمەنی خۆی و بەرەو لادانی رەفتار و توندوتیژی دەبات، ئەمەش لە کۆتاییدا زیانی گەورە بە کەسایەتی منداڵەکە دەگەیەنێت، بۆیە دەبێت بەخێوکار و دایکان و باوکان بە وریاییەوە چاودێریی رەفتاری منداڵان لەگەڵ یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ئامێرەکانی پەیوەندی و پەیوەست بە ئینتەرنێتەوە بکەن.»

جوان بەرزنجی پزیشکی خولاو لە نەخۆشییەکانی منداڵان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «زۆر بەکارهێنانی ئایپاد و موبایل و ئامیرەکانی یاریکردن لە سەر منداڵ کاردانەوەی زیاتری هەیە، بەتایبەت لەسەر چاوی، چونکە چاوی منداڵ بەردەوام لە گەشەکردندایە وساڵانە چاوی گەشە دەکات. هەر بۆیە دەبێت تەنانەت بۆ خوێندنەوەش ئاگایان لە چاوی بێت و بەتایبەتی لە لایەن باوانەوە منداڵەکە رێنمایی بکرێت و پارێزگاری لێ بکەن، دەبێت تەنانەت بۆ خوێندنەوەش رۆژانە تەنیا یەك تا دوو سەعات بخوێنێتەوە، بەڵام لە شەش تا حەوت سەعات رۆژانە ئایباد، یان مۆبایل بەکار بێنی، ئەوە کاریگەریی زۆر خراپی دەبێت. هەروەها منداڵانێك کە چاویان لاوازە، یان نزیکبینن، بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە کاریگەریی ئەو نەخۆشییانە زۆر زیاتر دەکات، بۆیە دەبێت لەلایەن دایك و باوکانەوە رێگرییان لێ بکرێت و نەهێڵدرێت ئەوەندە خولیای ئەو ئامێرا نەبن، چونکە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی راگرتنی گەشەی چاو، لاوازبوون و هەستیاریی چاو، سەرئێشە و ماندووبوون و شەکەتی. هەروەها تووشی ئازاری شان و مل و چەمانەوەی ملیان دەکات و ناتوانن راست بڕۆن و سەریان رێك رابگرن. هاوکات بەکارهینانی ئایپاد و کۆمپیوتەر کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەی خانەکانی مێشکی منداڵ دەبێت، تووشی خەوزڕاندنیان دەکات، هەروەها ئەو منداڵانە تووشی کێشەی لەبیرکردن و ئەنجامنەدانی ئەرك و کارەکانی رۆژانەیان دەبن.»

ئەو خاتوونە پزیشکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «منداڵان تا تەمەنی حەوت ساڵان زۆر لە سەر شتەکان تەرکیز دەکەن، بۆیە پێویستە ئایپاد بۆ کاتێکی زۆر کەم و لە ژوورێکی رووناك بەکار بێنن.» گوتیشی: «بەداخەوە ئەو منداڵانەی کە هۆگری یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبن، وەکو منداڵانی پێش خۆیان تامەزرۆی گوێگرتنی چیرۆکە خۆشەکانی دایك و داپیرە و باپیرە نابن، وەکو رابردووش بە لای یاری و بووکەڵەکان و پاسکیلەکانیاندا ناچن. خووگرتن بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان مەترسیی ئەوەی هەیە کە لە داهاتوودا تووشی رەقبوونی ماسولکەو بڕبڕەی پشت بن. دکتۆر (ریتشارد هاوس) وانەبێژ لە زانکۆی (وینشیستەر) ئاماژە بەوە دەکات، کە دەزگا زیرەکەکان زیانێکی زۆر بە منداڵان دەگەیەنن، پێویستە لەسەر دایکان و باوکان لەو بوارەدا زۆر وریا بن بۆ ئەوەی لە کاتی گەشەکردنی منداڵاکانیاندا رووبەڕووی کارەسات نەبنەوە.

هەڵمەت جەلال، قوتابی بەشی پەروەردەی تایبەتە لە زانکۆی سلاحەدین کۆلێژی پەروەردە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە خووگرتن بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ منداڵان بە مەترسییەکی گەورە دەزانێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «یەکەم کەس کە چەمکی ئالوودەبوون بە دنیای ئەلیکترۆنی بەکار هێنا، ئافرەتێکی زانای ئەمریکی بوو بە ناوی (کیمبرلی یونگ) کە پسپۆڕە لە زانستی دەروونناسی و یەکێکە لەو کەسانەی کە لە سەر ئەم چەمکە توێژینەوەی وردیان کردووە. سەبارەت بە ئالوودەبوون بە دنیای ئەلیکترۆنییش کە لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، دەڵێت: «ئەم ئالوودەبوونە واتا بایەخدانی تاك بە بەکارهێنانی تۆڕی ئەلیکترۆنی بە رادەیەکی زۆر زیاتر لە ئاستی ئاسایی کە نەتوانێت بۆ وازهێنانی بە سەر خۆیدا زاڵ بێت، واتە زۆرترین کاتی بۆ دابین دەکات و زیانی زۆریشی دەبێت، بەتایبەتی بۆ منداڵان، بەداخەوە لە کوردستانیش رێژەی ئالوودەبوونی منداڵان بە دنیای ئەلیکترۆنی زۆر زیاتر لەوەی کە پێشبینی دەکرێت، زیادر کردووە. دەتوانم بڵێم دایك و باوکانی ئەم جیلە هۆکارێکی هەرە سەرەکین بۆ هۆگربوونی منداڵەکانیان بە جیهانی ئەلیکترۆنی، چونکە لە لایەك لەم سەردەمەدا ئافرەتانیش هاوشانی پیاوان لە ئەرك و کاردان و منداڵ کاتێکی زیاتر بە تەنیا دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی هەنگاونانی بەرەوە ئالوودەبوونی بە دنیای ئەلیکترۆنی، هەروەها دایك و باوکانیش ژمارەیەکی زۆریان بەرامبەر بە بەرنامەی رۆژانە و رێکخستنی کاتەکانی منداڵی خۆیان، یان کەمتەرخەمی دەکەن، یان لێی نایزانن، ئەوەش زەمینە بۆ منداڵ خۆش دەکات، هەتا تووشی ئەو ئالوودەبوونە بێت.» گوتیشی: «منداڵ کە تۆڕی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنیت، دوو دەرەئەنجامی دەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت سوودی لێ ببینێت. واتە لە بواری فێرکاری راهێنانەکانی بەرەو پێش ببات، یان شارەزاییەکی مەهاری پەیدا بکات، یان بۆ پشوویەکی کورت و بۆ گەمەیەمك بەکاری بهێنێت، بەڵام دەرەئەنجامی دووەم کە زۆر نەرێنییە، ئەوەیە کە ئالوودە بێت بە دنیای ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان ئەو کات کەمتر مێشکی بەکار دەخات بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن سەبارەت بەو شتانەی کە نایزانێت، لە بری ئەوانە تەواوی هەستی لای جیهانە ئەلیکترۆنییەکەی دەبێت و لە دنیای بەکۆمەڵایەتی بوون دوور دەکەوێتەوە، ئەوەش وادەکات لە داهاتوودا کەسێکی گۆشەگیر بێت و نەتوانێت تێکەڵ بە کۆمەڵگەی خۆی بێت. زۆر جار ئالوودەبوونی منداڵ بە دنیای ئەلیکترۆنی وای لێدەکات گەشەی زمان و قسەکردنیشی بەرەو لاوازی بچێت، چونکە زیاتر چاوەکانی بەکار دەهێنێت، ئەوە جگە لەو زیانە زۆرانەی کە بۆ چاوی دروست دەبن.»

**بەدخۆراکی و هەوکردنی بڕبڕەی مل و کزیی چاو لەو منداڵانەدا رێژەکەی زۆر زیاترە کە خوویان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان گرتووە، بەراورد بەو منداڵانەی کە کەمتر ئەو یارییانە دەکەن**

**کاتێک منداڵ گەیشتە ئاستی ئالوودەبوون، ئەوە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و دوورەپەرێزیی منداڵەکە و دواجاریش نامۆبوون، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانە بێزاربێت و گرنگی پێ نەدات**



